# بزووتنەوەی ئیسلامی یان عوروبی!!

نزار جاف
nezarjaff@gmail.com

دەرکردنی یاداشتنامەی لێکۆڵینەوە لەگەڵ "حارس ئەلزاری" لەلایەن حکومەتی عێراقەوە، بووە مایەی ناڕەزایی بوونی زۆرینەی وڵاتە عەرەبییەکان، ئەمە ئەگەر هیچ قسە لە بزافە ئیسلامییە "سوننەکان"ی سەر بەو وڵاتانەش نەکەین. ئەلزاری، کە رووخسارێکی تایفە و رەگەز پەرستە، ناسراوە بە هەڵوێستی توند و یەکجار رەقی لەدژی هەموو داخوازەکانی کورد، سەربارى رقە نائاساییەکەی لە تایفەی شیعە، کەسایەتییەکە، کە هیچ لایەنێک سیاسی کوردی حەز بە "چارەی"ناکات و، هەمیشە بە چاوی گومانەوە تەماشای هەموو قسە و رەفتارێکی دەکات.

دەرکردنی ئەو یاداشتنامەیە کە هەر دەبووایە زۆر لە زووترەوە لەدژی دەربچووبایە، باوکەڕۆیەکی خستە ناو ماڵی"عەرەب"ەوە و، رێکخراوێکی تیرۆریستی وەک"حەماس"کە بە کوشتنی تیرۆریسێکی وەک"زەرقاوی"بەیاننامەی ناڕەزایی دەرکرد و، ئەو درندەیەی بە"شەهید"لەقەڵەمدا، زۆر ئاسایی بوو لەلای کە بۆ ئەو یاداشتنامەیەش ناڕەزایی توندی خۆی دەرببڕێت، ئەمە و، با باسی رێکخراوە تیرۆریستەکانی ناو خودی (سێگۆشەی سوننی)نەکەین، کە وەک دنکی تەسبیح، یەک لەدوای یەک بەیاننامەی سەرزنشت و ناڕەزایی لەدژی ئەو یاداشتنامەیە دەردەکەن و، ئەمانە و، هەموو عەرەبەکانیش دەڵێن کە حکومەتی عێراق بۆیە"حارس ئەلزاری"دەستگیردەکات، چونکە تەنها کەسێکی کە هەناسەی پاکی"عروبەی"بە سییەکانیدا بێت و، بە بێ باکانە لەدژی داگیرکەری ئەمریکی وەستاوە. ئەم قسانە، لەگەڵ تێبینی تایبەتیمان لەسەریان، تا رادەیەکی زۆر چاوەڕوانکراوبوون، بەڵام، ئەو بەیاننامەیەی کە"بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان"دەریکرد و، تیایدا ناڕەزایی خۆی لەدژی ئەو یاداشتنامەیە دەربڕی، مایەی سەر سوڕمانی شەقامی کوردی بوو، هەرچەندە، ئەم جۆرە بزافانەی کە لەسایە و پشتیوانی ئیسلامی سیاسی"عەرەب"یدا، هاتوونەتەئاراوە، جگە لەم جۆرە هەڵوێستە هیچی تریان لەدەست نایەت. بزووتنەوەی ئیسلامی، کە زەمینە و بنچینەی ئیسلامی سیاسی کوردییە، رۆژ لە دوای رۆژ بە بەڵگەوە سەلماندویەتی کە بزافێکی گومانلێکراو و دژی خواستە نەتەوەییەکانی گەلی کوردە و، بە شێوازێکی پاشکۆیانە خواستوویەتی و دەخوازێت، هەستی نەتەوایەتی لەناو کوردا لەناوبەرێت و، هەستێکی دروستکراوی ساختەکاری کە بە رووکەش ئاینییە و، بە ناوەرۆکیش سیاسییەکی "دیاریکراوە" کە سوودەکەی تەنها بۆ کەسانێکی وەک زاری و زەقاوی و بن لادنە، لەبری ئەو لەناو کۆمەڵگەی کوردا بڵاوبکاتەوە. بزووتنەوەی ئیسلامی، دەیان هەڵوێستی ناپەسەند و نادروستی لەدژی خواست و ئارەزووەکانی گەلی کورد نواندووە و، ئەوەندەی خەمی"برا"و"کەس"ە عەرەب و تورکەکانی خواردووە، تۆزقاڵێکی ئەوەش خەمی گەلی کوردی نەخواستووە. ئەم بزووتنەوەیە، یەکەم جار و دوا جاریشی نییە کە ئەم جۆرە هەڵوێستە چەوت و سەقەتانە دەنوێنێت، چونکە هەر لە خودی لەندەندا، کوڕی"رابەرە"کەی، زوو بە زوو لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنی"المستقلة"دا، چاو و

دڵی"برا"عەرەبەکانی بە هەڵوێستی پشتیوانیکردنی بۆ ڕێکخراوەکەی حارس ئەلزاری و حەماس و جیهادی فەلەستنیش ڕووناک دەکاتەوە، ئەو"موجاهیدە"لەندەنییە کە لە چەندین بەرنامەدا بەرگری لە هەڵوێستەکانی"حارس ئەلزاری"و "بزافی حەماس" و"جیهادی ئیسلامی" و چەندین ڕێکخراوی تیرۆریستی تر کردووە و، لە هەمان کاتیشدا، جۆرە هەڵوێستێکی تەماوی و نادیاریشی لەبەرامبەر دۆزی کورد هەبووە و هەیە. لای ئەو و، بزووتنەوەکەی حەرام و"غیر جائز"ە لە ڕووی"شەرع"ەوە کە پشتیوانی هەڵوێستی گەلی خۆیان لەدژ"وەرپینەکانی" ڕێکخراوی"دەستەی زانایانی موسڵمانی عێراق"ئاشکرابکەن، بەتایبەتی کاتێک ئەو دەستە"رەگەز و تایفە"پەرستانە، بە چاوی گوومانەوە تەماشای ئەزموونی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن و، داوای گەڕانەوەی بۆ باوەشی"عێراقی یەگرتوو" دەخەنەڕوو، هیچ بەرپرسێکی بزووتنەوە نایەت بە سەر زاریاندا کە تەنانەت سووکە گلەییەکیشیان لێ بکەن، بەلام کاتێک یاداشتنامە لەدژی ڕابەری دەستەی"رفێنەر"و"تەقینەوە" و"خۆکوژ"ەکان دەردەکرێت، ئەوا بزووتنەوە بەیاننامەی ناڕەزایی دەردەکات، هەرچەندە دەبووایە بزووتنەوە چەند خۆپیشاندان و مانگرتنێکیشی لەبەردەم تەلاری پەرلەمانی کوردستان سازبکردایە و، داوای لە پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بکردایە کە هەموو توانایەکی خۆیان بخەنەکار بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو یاداشتنامەیەی کە بە (ناهەق) لەدژ پیاوێکی (عروبە پەروەر)ی لەو جۆرە دەرکراوە. لە ڕاستیشدا، بزووتنەوە ئیسلامی مافی خۆیەتی"ئەو جۆرە بەیاننامانە دەربکات و، مافی خۆیشێتی کە حارس ئەلزاری بە سونبلێک بۆ خۆی و هەوادارەکانی دابنێت، بەڵام، کارێکی گونجاویشە کە"بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان" دوا وشە لە ناوەکەی بسڕێتەوە، چونکە ئەو کەڵەپیاوەی کە بەیاننامەیان لەپێناویدا دەرکردووە، پێستی لەشی گرژ دەبێتەوە بە وشەی"کوردستان"، و هەموو توانا و هێزێکی خۆی و دەستەکەی خستۆتەگەڕ بۆ لەناوبردنی ئەزموونی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئیدی چۆن بزووتنەوەی ئیسلامی دڵی دێت ئەو"ڕابەرە"ڕوحی و مەبدەئییەی زویربکات و، با "پشت"بە خوا و"دەستەی زانایانی موسڵمانی عێراق و ڕابەرە فیرارەکەی" ببەستن و، ناوی"کوردستان لە ئەرشیفی بزووتنەوەدا بە یەکجاری بسڕنەوە.

تێبینی: ئەم بابەتە بۆ یەکەم جار لە ڕۆژنامەی کوردستان ڕاپۆرتدا بڵاوکراوەتەوە.